# ئازادی ڕادەربڕین و نارەزایی لە کوردستان
# چەند ئاماژەیەك

## ئیبراهیم ساڵح / بەریتانیا

ماوەی نزیکی مانگێك دەبێت لە دەڤەری سایمانی دەنگۆی نارەزایی دەربڕینێکی جەماوەری و خۆپیشاندانێك بەرامبەر کتێبێکی مەریوان هەڵەبجەیی بە ناونیشانی ـ سێکس ، ژن ، شەرع لە مێژوی ئیسلامدا ـ بڵاوبۆتەوە ، خەڵکی هەست بە بریندابونی هەست و هۆشی ئایینیان دەکەن و ، لەسەر زمانی وەزیری ئەوقاف بەڕێز د . محمد کەزنەیی باس لەوە کراوە کە ناوبراو داوانامەی دادگایی لەسەر تۆمار کراوەو چاوەڕوان دەکات دادگا لەسەر ئەو مەسەلەیەو بەپێی یاسا بەدوای ئەو مەسەلەیەدا بچێت ، مەریوانیش باس لەوە دەکات کە ژیانی لە مەترسیدایەو خۆی شاردۆتەوەو هەر ڕۆژەو ساتەی لە شوێن و جێگەیەك دەژی ، لە بەرامبەریشەوە لە دەرەوەی کوردستان هەڵوێستی جیاجیا لەمەڕ ئەو کێشەیە لەلایەن کەسایەتی و دامەزراوەی کوردی یەوە وەرگیرا ، کەمپینی بەرگری کردن و پاڵپشتی مەریوان کرا و ئەوەندەی بزانم تا ئێستاش ئەو مەسەلەیە بەلایەکدا نەکەوتوە ، منیش بەباشی دەزانم لەسەر مەسەلەکە ئەم چەند بیرڕایە پێشکەش بکەم :

یەکەم : ئەوەی جێگەی خۆشحاڵی و دەستخۆشی یە هۆشیاربونەوەو زیندوبونەوەیەکی هەست وهۆش لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە ناوەوەی کوردستان و کوردەکانی هەندەرانیش سەری هەڵداوە ، خەڵکی ئازادانەتر لە جاران بەرگری لەو کێشانەدا دەکەن کە بڕوایان پێ یەتی ، ئیتر بەلایانەوە گرنگ نی یە هاوتەریب یا پێچەوانەی دەسەڵات یا هێزێکی سیاسی کوردستانە ، لەوەش زیاتر ئەوەیان بەلاوە گرنگ نی یە کە تاکەس یا لایەنی ستەم لێکراوو بەشخوراو هەڵگری چ بیروڕاو ئایدیایەکە ، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە لەمەسەلەیەکی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤــەوە ستەمی لێکراوە . ئەم هەڵوێستانە ـ بەتایبەت لە ناوەوەی کوردستان ـ ئەگەرچی سەرەتان و تائێستاش نەبونەتە ڕۆشنبیری و هۆشیاری یەکی جەماوەری بەڵام جێگەی بەهەندگرتن و دڵخۆشی یە ، لەدەرەوەش بەهۆی پانتایی بەرفراوانی ئازادی و میدیای ئەلیکترۆنی یەوە هەنگاوی باشی ناوە ، بەڵام هەر دەبێت زیاتر بە ئاراستەی کارابون و دوربون لە کاریگەری ئایدۆلۆژیاو بیروباوەڕێکی دیاری کراو پاڵپشتی بکرێت .

دوەم : مەسەلەی ئازادی یەکانی مرۆڤ بە تایبەتی ئازادی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەگەری لەم ماوەی چەند مانگەدا و لە دوای بڵاوبونەوی وێنە کاریکاتێری یەکانی ڕۆژنامەی گیلاندپۆستنی دانیماریکی یەوە بوبە یەکێك لەو چەمکانەی زرۆترین گفتوگۆو مشتومڕی لەمەڕ کرا و ، جارێکی تر تێبینی و پێناسەکانی لەلایەن دەوڵەت و کەسایەتی دیبلۆماسی و سیاسی و ڕۆشنبیری یەوە لە وڵاتانی جیاجیاوە قسەیان لەسەر کرایەوە . لە پوختەی بیروڕاو تێبینی یەکانەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ئازادی ڕەها چەمکێکی تیۆری یە و لە هیچ کۆمەڵگەو دەوڵەتێکدا بونی نی یە و ، باسکردن لە سڕینەوەی هەموو سنورو کۆتاییەکان لەمەسەلەی ئازادیدا جۆرێك لە فەوزاو ئاژاوە دەخاتەوە، هەل و مەرجەکانی پێکەوە ژیان دەخەنە مەترسی یەوە ، هەروەك چۆن گەورەکردن و پانکردنەوەی ئەو سنورانە لە ماناکانی مرۆڤبون دەهێننەخوارەوەو تاڵی دەخەنە ژیانەوە. هەموو جۆرێکی ئازادی لە بەرامبەریدا جۆرێك لە بەرپرسیاری هەیە ، سنوری بەرپرسیاری یەتی یەکەش ئەو جوگرافیایەیە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە لە چوارچێوەیدا مومارەسەی ئازادی یەکانی خۆیان دەکەن و کامەران دەبن . کۆی ئەو بەرپرسیاری یەتیانە دەبن بە بەرژەوەندی یە باڵاکانی ئەو کۆمەڵگەیە و وەك یاساو دەستورێك ژیانی ئەو کۆمەڵگەیە بەڕێ دەخەن .

سێ یەم : یەکێك لەو دیاردانەی بەگشتی لە جیهان و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیشدا کەوتۆتە بەرچاو لەرزە پێکەوتن و داڕمانی ڕژێم و دەسەڵاتە تۆتالیتارو سەرکوتکەرەکانی ئەو ناوچەیەو ، بەرزبونەوەی دەنگی ئازادبون و کرانەوەی زیاتر و شەفافیەت و جمەجوڵ تێکەوتن و ئاکتیڤ بونی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕای گشتی و شەقامی ئەو کۆمەڵگانەیە . ئەمە وای

کردوه زۆر له رژێم و پێکهاته سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکانی ئەو وڵاتانه بکەونه خۆیان و کەم تا زۆر هەنگاوی گۆڕان بەرەو ئەو بارودۆخه تازەیه بنێن .

جوانترین دیاردەی کۆمەڵگە مەدەنی و پێشکەوتوەکان جێگیریی و سەروەری یاسایه تیایاندا ، بەجۆرێك هیچ کەس و دەستەو تاقم و رێکخراوێك نین لەسەرو یاساوه بن و ، دەسەڵاته سەربەخۆکانی قەزاو لێپرسینەوەو بەدواداچون نەیانگرێتەوه ، لەکاتی روداني هەر ئیشکال و لێك حاڵی نەبونێکدا یاسا سەروەری خۆی دەسەلمێنێت و دوا بڕیاری خۆی دەدات . بۆیه دەکرێت ئەوه بوترێت هەر هەوڵ و کارێك بۆ چەسپاندنی یاساو سەروەربون و باڵا دەستی دادگاو قەزا سەربەخۆکان هەنگاو نان و نزیك بونەوەیه له پێشکەوتن و کۆمەڵگەی مەدەنی ، هەر هەڵوێست و دیاردەیەکیش بۆ لاوازکردن و پشت گوێ خستنی یاسا گێڕانەوەی کۆمەڵگەیه بەرەو جۆرێك له دیکتاتۆریەت و ناجێگیری .

چوارەم : چەندێك گەیاندنی راستی یەکان و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر پەیامێکی پیرۆزو گرنگن ، له بەرامبەریاندا ئەوەندەش چەواشەکردن و ئاڵۆسکاندن و گۆم لێڵ کردن دزێوو ناشیرین و تاوانن . هەر کارو هەوڵێك له تەوەرەی یەکەمیاندا بێت شایەنی پاڵپشتی و سەرخستن و کار بۆکردن و هەوڵدانه ، هەر کارو هەوڵێکیش تەوەرەی دوەم بگرێتەوه شایەنی پەردە لە ڕوڵادان و ئاشکراکردن و بەرگەلێگرتنه . لێکۆڵینەوەش بۆ دەرخستنی راستی یەکی دیاری کراو هێندەی ئاڵۆزی و گرنگی مەسەلەکه پێویستی به وردەکاری و پسپۆڕی هەیه و ، بۆیه پێویسته تێیدا گیانی ئەمانەت و زانستی بون ئاشکراو زەق بێت و له پێش هەموو مەسەلەکانی ترەوه بێت ، نەك وێنه کێشان و بڕیاردانێکی پێش وەخته و ئایدۆلۆژی بێت .

پێنجەم : رۆچون بۆ ناو مێژوو گێڕانەوەی روداوەکان و شی کردنەوەیان و بڕیار دان لەسەری ، به تایبەتی ئەو مێژوه دورەی له گێڕانەوەو وێناکردنی روداوەکانیدا جیاوازی و گفتوگۆ هەیه کارێکی سەخت و پڕ وردەکاری یه ، پێویسته لەگەڵ گێڕانەوەکەدا بارودۆخ و باوو نەریی ئەو سەردەم و زەمانه رەچاو بکرێت ، دەرهێنانی روداوێك به تەنیا له سیاقه مێژویی یەکەی خۆی و لێکدانەوەی به تێڕوانینێکی تر راستی مەسەلەکه دەشێوێنێت . بۆ نمونه ئەو کەمینی پێشمەرگەیەی له سەردەمی رژێمی بەعسدا رێی له کاروانێکی سوپای عێراقی ئەو وەخته دەگرت و سەربازەکانی دەدایه بەر دەستڕێژی گوللە و دەستی دەگرت بەسەر ئوتومبێل و شتو مەکەکانیدا ، کارێکی ئازایانه بوه له قۆناغێکی خەباتدا ، ئەو وەختەو ئێستاش پێویسته به رێزو وەك ئازایەتی باس بکرێت ، ئەوە چەواشه کردن و راستی هەڵگێڕانەوەیه ئەگەر تەنها پەلامارو هێرشەکه باس بکرێت و پێی بوترێت پیاو کوشتن ئەگەرچی کوشتنیشی تێدا روداوه ، چونکه ئەو روداوه سیاقێکی تایبەتی مێژویی خۆی هەبوه ، یا له راپەڕینه مەزنەکەی بەهاری 91 دا لەپاش گرتن و لێدانی بنکەکانی بەعس و بەندیخانەو زیندانه تاریکەکان ، جەماوەر ئەوەندە بەرق ئەستوری و داخ له دڵی بۆ تۆڵە سەندنەوە دەگەڕا ، هەر پیاوو نۆکەرێکی رژێمی بەردەست بکەوتایه بەسزای دەگەیاند و ، لەو میانەیەدا سەری چەندانی وەك ملازم عەلا و کێی تریش پان کرانەوه ، ئێستا ئەگەر ئەو کارانه له سیاقی خۆیان دەربهێنرێن و وەك دڕندەیی و کارە نامرۆیی حیساب بکرێن چەند راستی یەکان دەشێوێنن و خەڵکی پێیان چەواشه دەبن .

بەو شێوەیەی سەرەوه دەبێت مامەڵه لەگەڵ روداوێکی مێژویدا بکرێت ، به تایبەتی ئەگەر ئەو مێژوه مێژوی ئیسلام و سومبولەکانی بێت - بۆ نمونه وەك پێغەمبەر - درودی خوای لەسەر . هەڵەیەکی مەنهەجی یه ئەگەر بەنەزانین بکرێت و تاوانه ئەگەر به مەبەست ئەنجام بدرێت چونکه چەواشەکردن لەگەڵ خۆی دەهێنێت و راستی یەکانی تێدا ون دەبن و ، سەیریش نی یه که خەڵکی لەسەریان بێنه وەڵام .